وانەی (١٧)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ٢هەواڵی ڕۆژان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور ١، 2 ، 5 ، 8)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) شکۆ لە کڵێسا دا: ئەفەسۆس ٣: ٢٠-٢١

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، شکۆ لە کڵێسادا : ئەفەسۆس ٣: ٢٠-٢١ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) مەڕی ونبوو ، وە کوڕی ونبوو

"نمونەی مەڕی ونبوو " لە لۆقا ١٥: ١- ٧

وە نمونەی کوڕی ونبوو لە لۆقا ١٥: ١١- ٣٢ دەسوڕینەوە بە دەوری

هەڵوێست وخۆشحاڵی خودا بەرامبەر بە ونبوەکان لە نێو شانشینی خودا

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە شەش ڕێبەری ڕێنماییەکاندا تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

أ. نمونەی مەڕی ونبوو لە ئینجیلی لۆقا

لۆقا ١٥: ١- ٧ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی

وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

چاودێری کردن.

عیسا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناچەیەکی تر لە فەلەستین دەگەڕا و زۆرجار بە نێو ئەو ناچانەدا تێپەڕدەبوو کە شوانەکان مێگەلیان دەلەوەڕاند ئیدی بەم شێوەیە دیمەنی مێگەل بە دەوری شوانەکەدا لەو سەردەمە زۆر ئاشنا بوو ، خەڵکی دەیانزانی بەرپرسیارێتی شوان چیە : دەبوو مەڕەکان بلەوەڕێنێت و بیانبات بۆ لەوەڕی سەوز و ئاوی هێمن ی ڕوبارەکان وە بیانپارێزێ لە شێر و ورچ وگورگ ودز ، وە بەرخەکان بخاتە سەرشانی و هەڵیان بگرێ وە بگەڕی بە دوای مەڕە ونبوەکان و بیانگەڕێنێتەوە بۆ ناو مێگەل.

هەڵگرتنی مەڕ .

شێوازی هەڵگرتنی ئاسایی مەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو شێوەیە بوو کە دەخرایە سەر شان بەشێوەیەك کە ورگی مەڕەکە دەنوسا بە پشتە ملی شوانەکەوەو چوار پەلیشی دەبەسترایەوە لەسەر سنگی شوانەکە .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە

کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٥: ١- ٢ .

لە ڕووداوی پێشوودا فەریسیەکان و مامۆستایانی شەریعەت لەبەردەم قوتابیانی عیسا کەوتنە بۆڵەبۆڵ بەرامبەر بە باجگرەکان وگوناهباران لۆقا ٥: ٢٩- ٣٠ لێرەدا ڕەخنەکانیان ئاراستەی عیسای مەسیح کرد لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٥: ٤- ٦ .

عیسا دیمەنێکی ئاشنای تایبەت بە شوان ومێگەڵ بەکار هێنا لە پێناوی فێرکردن لەبارەی ئەوەی دەبێت چۆن مامەڵە بکرێ لەگەڵ مەڕی ونبوو وە پرسیار ئەوەیە : ئایا دەبێت مەڕی ونبوو فەرامۆش بکرێ و ڕقی لێ هەڵبگیرێ یان دەبێت بەدوایدا بگەڕێن وبیدۆزنەوە ؟

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٥: 7 .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت

هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

مەڕەکان یاخود مێگەل .

لە کتێبی پیرۆزدا مەڕ وێنەیەکە بۆ مرۆڤ هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شێوەو وێنەی نێوان پەیوەندی مەڕ و شوان لەلایەك و پەیوەندی خوداو گەلەکەی لەلایەکی تر زۆر لەیەك دەچن . بڕوانە ئیشایا ٥٣: ٦ ؛ یۆحەنا ١٠: ١١- ١٣ .

نەوەدو نۆ مەڕ .

عیسا ڕوونی دەکاتەوە کە نەوەدو نۆ مەڕ ئەوانەن کە ڕاسودتوستن و پێویستیان بە تۆبەکردن نیە بۆیە ئەم خاڵ وبنەمایە زۆر گرنگە ، بڕوانە لۆقا ٥: ٣١- ٣٢ خودا زیاتر دڵخۆشە بەو گوناهبارانە نوێیانەی تۆبە دەکەن ودەگەڕێنەوە بۆلای . لۆقا ١٨: ٩ ؛ لۆقا ١٥: ١- ٢ ؛ یۆحەنا ٩: ٣٩ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی دوو کوڕەکە لە مەتا ١٥: ١- ٧ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : ڕابردووی مرۆڤ هەرچیەك بێت ، ئەگەر بێباوەڕ بێت یان باجگر یان داوێن پیس ، هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارێتی کەسێتی لەئەستۆدایە بۆ چوونە نێو شانشینی خودا ، ئەو بەرپرسە لە ڕووی کەسێتیەوە کە تۆبە بکات لە ژیانی ڕابردووی لە یاخی بوونداو ، وە بڕوات بەرەو کارکردن بە خواستی خودا .

خودا ئەوانە پشتگوێ ناخات و دەگەڕێ بەدوایاندا ، بەو شێوەیە نا کە فەریسیەکان وماموستایانی شەریعەت (تەورات) کار دەکەن و ناگەڕێن بەدوایاندا بەهیچ شێوەیەکی ئاسایی وەك بڵێی کرێگرتەن ، بەڵکو خودا دەگەڕێ بە دوای ونبوە گومڕاکان بەو پەڕی پەرۆشیەوە تاوەکو دەیاندۆزێتەوە ! هەوڵدان بۆ ڕزگاریی ونبوە گومڕاکان یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی شانشینی خودا ، وە ڕاستگۆکان لە شانشینی خودا شووێن پێی عیسای مەسیح هەڵدەگرن و دەگەڕێن بە دوای ونبوەکان وگومڕاکان بۆ ڕزگارکردنیان .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی

نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

زەبور ٢٣؛ ئیشایا ٤٠: ١١ ' حەزقیال ٣٤: ١٥- ١٦ بخوێنەوە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چی ڕاستیەك فێر دەکات کە ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

خودا لەو شوانە دەچێ کە مێگەلەکەی دەبات بۆ لەوەڕی سەوز و ئاوی سازگارو هێمن تاکو حەسانەوەیان پێ ببەخشێت ، ئەو دەیانبات بە چیا سەختەکاندا و بە دۆڵە قوڵەکاندا ، وە مەڕەکان کۆ دەکاتەوە و بە دەستەکانی خۆی هەڵیان دەگرێ و نزیک یدڵی خۆیان دەکاتەوە ، ئەو بە هێمنی ئەو بەرخە تازە لە دایکبووانە بەڕێوە دەبات بەو پەڕی دڵنەرمی و خۆشەویستیەوە ، ئەو دەگەڕی بە دوای و سەرلێشیواو و ونبوەکاندا و دەیانگەڕێنێتەوە ، ئەو ساڕێژی بریندی زامدارەکان دەکات و لاوازەکان بەهێز دەکات.

ب. نمونەی کوڕی ونبوو

لۆقا ١٥: ١١- ٣٢ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

نمونەی کۆڕی ونبوو لە چوار بەش پێکدێت :

وازهێنان وبەجێ هێشتنی ماڵ لەلایەن کۆڕی ونبوو .

ئیدی کۆڕی بچووك بێزار بوو لە ماڵەوە ، ئەمەش وێنەیەکە بۆ زۆرێك لە لاوان لە کۆنەوە تا ئێستا ، بڕوانە وتەکان ٢١: ١٧ .

ژیان بەسەربردنی کۆڕی ونبوو لە دوورە وڵات .

کۆڕی بچووك ژیانێکی گێلانەو هەمژانەی بەسەر برد چونکە هەرچی بەرکەوت لە بردی لەگەڵ خۆی و بێ ئەوەی هیچ شتێك بەجێ بهێڵێ لە زێدی خۆی تاکو دواتر بتوانێ پشتی پێ ببەستێ ئەگەر پلانەکەی سەرکەتوو نەبوو وە ناچار بوو بە گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆی یان وڵاتەکەی خۆی . ئیدی وای لێهات وەك نمونەکە باسی دەکات تەنانەت خرنوکی دەخوارد کە لەوەڕی بەراز بوو . تا وای لێهات بۆی دەرکەوت ئەو هەڵەیەی کردویەتی تەنها گوناهەیەك نەبوە بەرامبەر بە باوکی بەڵکو بەرامبەر بە ئاسمانیش واتە خودا . هەستی کرد چەند پەشیمانەو ناسوپاسگوزار بوەو خۆویست و گێل بوە !

خۆشحاڵی باوک بۆ کۆڕە ونبوەکەی .

هەروەها بڕوانە لۆقا ١٥: ١٩- ٢١ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١ ؛ لۆقا ١٩: ١٠ .

ڕەتکردنەوەی لەلایەن برا گەورەکەیەوە بە بێ بەزەییانە .

ئەم بەشە لە چیرۆکەکە بەشێکە لە نمونەکە هەروەها ، چونکە بەراوردی نێوان هەڵوێستی کۆڕە گەورەکە و باوك دەکات ، عیسا ویستی ئەوە ڕون بکاتەوە ، لەگەڵ ئەوەی باوك بەگەرمی پێشوازی کرد لە کۆڕە پەشیمانەکەی بەڵام برا گەورەکەی بێ بەزەییانە ڕەتی کردەوە ، بۆیە عیسا

هەڵوێستی باوکەکەی بەرز نرخاند و سەرزەنشتی هەڵوێستی براگەورەکەی کرد ، بۆ ئەمەش سەرنج بدە ئەمانەی خوارەوە :

تۆڕەبوونی کوڕە گەورەکە لەبەرئەوە بوو بیری لەلایەنی دادوەری و وێژدان دەکردەوە (شەریعەت) بەڵام باوکەکە دڵخۆش بوو بە گەڕانەوەی گوناهبارە تۆبەکارەکە ، پەیدابوون ٤: ٦- ٧ .

کوڕە گەورەکە ڕەزامەندی خەڵکی بەلاوە گرنگ بوو چونکە پێناسی پەیوەندی خۆی کرد بە باوکیەوە پێی وت ئەوەتا ئەم هەموو ساڵە من خزمەتت دەکەم چونکە کوڕە گەورەکە دڵخۆش و ڕازی نەبوو لەو کارانەی دەیکرد چونکە بە گیانی کۆیلایەتیەوە خزمەتی باوکی دەکرد بە درێژایی ژیانی . ئەمەش واتە کوڕە گەورەکە لە ناخیدا پێی وابوو ڕاستودروست و بێتاوانە و بەوشێوەیە خۆی پیشاندا .

کوڕە گەورەکە جگە لەوانەش ئیرەیی دەبرد . بۆیە ڕاستی گۆڕی بە درۆ و براکەی تۆمەتبار کرد بەوەی سەروەت و سامانی باوکیانی بەفیڕۆ داوە ، لە ڕاستیدا کوڕە بچووکەکە سەروەت وسامانی لە بەشەکەی خۆی بە فیڕۆدا چونکە باوکی پێی بەخشی وەك بەشە میراتی خۆی .

کوڕە گەورەکە جوێندەر و بوختان چی بوو ، بەشێوەیەك قسەی دەکرد کە ڕقی لە براکەی دەبۆوە .

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە

کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٥: ١- ٢ .

پاشخان و بانگراوندی نمونەی مەڕی ونبوو هەمان بانگراوندی نمونەی درهەمی ونبووە لە لۆقا ١٥: ١- ١٠ بڕوانە نمونەی مەڕی ونبوو لە ئینجیلی لۆقا .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٥: ١١- 32 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە چوارچێوەی چیرۆکەکەدایە .

شرۆڤەی نمونەی هاتوو بەشێوەیەکی تایبەت لە لۆقا ١٥: ٢٠- ٢٤ ، ٣٢ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە : ئەو وردەكاریانە كامانەن نمونەكە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەكی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەكان .

أ . مامەڵەكردن لەگەڵ نمونەكە وەكو میتافۆریە .

هەندێ لە ڕاڤەكاران وەكو ئەكلیمندسی ئەسكەندەری (١٥٠- ٢١٦) وە ڕیتشارد . س . ترنش (١٨٠٧ – ١٨٨٦) جۆرێك ڕاڤەیان بۆ كردوە بەڵام ناكرێ پشت بە ڕاڤەكانیان ببەستین و دەبێت ڕاڤەكانیان ڕەت بكەینەوە . چونكە ئەم شایەتانەی كتێبی پیرۆز بەرپەرچی ڕاڤەكانی دانەوە وەكو عیبرانیەكان ٩: ٢٢ ؛ ڕۆما ٣: ٢١- ٢٥ بەراورد بكە بە یۆحەنا ٦: ٢٨- ٢٩ ، هەر ڕاڤەیەك نەگونجێ بە تەواوەتی لەگەڵ كتێبی پیرۆز بێگومان ڕەت دەكرێتەوە .

ڕاڤەی وردەكاری و بنەما گرنگەكان .

عیسا ڕوونی دەكاتەوە كە نمونەكە پێناسەی ئەوە دەكات كە چۆن خودا خۆشحاڵە بە گەڕانەوەی تۆبەكارێك وە لە بەرامبەردا ڕابەرە ئاینیەكانی جولەكە لەلایەكی ترەوە ، بۆیە تەنها باوك و دوو كوڕەكە وێنەیەكن بۆ كەسایەتیە دیاریكراوەكان .

باوك .

وێنەیەكە بۆ باوكی ئاسمانی ، وە بۆ خودای سێ ئوقنوم لە خۆشەویستیە مەزنەكەیدا بۆ هەوڵدان لە ڕزگاركردنی گوناهباران . عیبرانیەكان ٨: ١٢ .

كوڕی ونبوو .

وێنەیەكە بۆ هەموو گوناهبارێك .

كوڕی گەورە .

وێنەیەکە بۆ فەریسیەکان و مامۆستایانی شەریعەت .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی کوڕی ونبوو لە لۆقا ١٥: ١١- ٣٢ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "هەڵوێستی خودا لەبەرامبەر گومڕاکان و لە ناوچووان " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : لەگەڵ ئەوەی ڕابەرانی ئایینی لە ئیسرائیل گوناهبارە تۆبەکارەکانیان ڕەتکردەوە بەبێ بەزەییانە ، بەڵام خودا پێشوازیان لێ دەکات بە خۆشحاڵیەوەو تا ئێستا بە خۆشحاڵیەوە پێشوازیان لێ دەکات بەرەو شانشینیەکەی .

هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی گومڕاکان و لەناوچووان یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکان کە پێناسەی شانشینی خودای پێدەکرێت ، گەلی ڕاستەقینەی خودا کە سەر بە شانشینی خودان شوێن پێ وهەنگاوەکانی عیسای مەسیح هەڵدەگرنەوەو پێشوازی لە گوناهبارە تۆبەکارەکان دەکەن بە خۆشحاڵیەوە لە دڵیان ونێو کڵێساکانیان .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

زەبور ٢٣ ؛ ئیشایا ٤٠: ١١ ؛ حەزقیال ١٥: ١٦ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بەشەکانی تر چی ڕاستیەك فێر دەکات کە ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

سێ نمونەکە لە لۆقا ١٥ .

گفتوگۆ : ئەم سێ نمونەیە چی هاوشێوەیەکیان هەیە لە لۆقا ١٥ .

پێشنیار دەکەم کە ئەم نمونانە بە شێوەی ڕیز بەندی هاتوون لە لۆقا ١٥ بەپێی ڕێژەی ونبوون : لە کەمەوە بۆ زۆر چونکە مەڕی ونبوو یەك لە سەدە ، وە درهەمی ونبوو یەك لە دەیە ، وە کوڕی ونبوو یەك لە دوانە . نازانین ئەم ڕیزبەندیە چی مەبەستێکی لەپشتەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا نمونەی کوڕی ونبوو لەهەمویان درێژترەو کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر دەرون .

مەبەستی سەرەکی ئەم سێ نمونەیە پێناسەکردنی خۆشەویستیەکەی خودایە بەرامبەر بە گومڕاکان ولەناوچووان ، ئەو دەگەڕی بە شوێنیانداو دەیانگەڕێنێتەوە و دڵخۆش دەبێت بە تۆبەکردنی ڕاستەقینەیان و ژیانیان چاك دەکات بەتەواوەتی .

١یۆحەنا ٢: ٩- ١١ .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە . ئەم بەشە کتێبیە چۆن گرێ دەدرێت بەوەی نمونەی کوڕی ونبوو پێشکەشی دەکات ؟

پەیوەندیت بە براکەتەوە ڕووی ڕاستەقینەت دەردەخات !

ج. پوختەی وانەو فێرکردنە سەرەکیەکانی ئەم دوو نمونەیە کە پێشکەشی کردوە سەبارەت بە هەڵوێستی خودا لەبەرامبەر گومڕاکان ولەناوچووان

گفتوگۆی لەبارەوە بکە . ئەو فێرکردن و وانە سەرەکیە کامەیە کە نمونەکان پێشکەشیان کردوە لەبارەی هەڵوێستی خودا لەبەرامبەر گومڕاکان لە شانشینی خودا ؟ عیسای مەسیح چیمان فێردەکات تاکو بیزانین وباوەڕمان پێی هەبێت وە دەیەوێ چیمان پێ بڵێت و چی بین و چی بکەین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت هەموو خەڵکی بەتایبەتی گومڕاکان دڵی باوکایەتی خودا بناسن.

دەبێت باوەڕدارانی ڕاستەقینە گەشە بکەن وحەز بە دەستکەوتنی گومڕاکان بکەن . بڕوانە نمونەی مەڕی ونبوو لە لۆقا ١٥: ١- ٧ وە درهەمی ونبوو لە لۆقا ١٥: ٨- ١٠ کە هەڵوێستی خودا بەرامبەر گومڕاکانمان فێر دەکات .

وانەی سەرەکی ئەوەیە کە عیسا حەز دەکات فێرمان بکات لە ڕێگەی ئەم نمونانەوە : خودا کە نیشتەجێیە لەئاسمان و چواردەوری فریشتەیە دەگەڕی بە دوای گوناهباران تاکو یەکێکیان لێ دەدۆزێتەوەو تۆبە دەکات .

گەڕان بە دوای ونبوو یەکێکە لە بنەماکانی شانشینی خودا ، وە ئەوانەی هەنگاوەکانی عیسای مەسیح هەڵدەگرنەوە دەگەڕێن بەدوای ونبوەکاندا تاکو ڕزگاریان بکەن .

دەبێت باوەڕدارانی سەرڕاست بێزار نەبن لە تۆبەکردنی گوناهباران وە نابێت وەك فەریسیەکان بن کە تا ئێستاش هەن لەنێو کڵێسادا . لۆقا ١٥: ١١- ٣١ ؛ زەبور ٧٣ ؛ ئیشایا ٥٧: ٢٠- ٢١ ؛ زەبور ٨٤ .

دەبێت باوەڕدارانی ڕاستەقینە واز بهێنن لە هەموو ئەو جۆرە هەڵوێستانەیان کە بریتیە لە تۆمەتبارکردن یان ڕەتکردنەوەی باوەڕدارانی تر . لۆقا ١٥: ١١- ٣٢ ؛ لۆقا ١٥: ١- ٧ ؛ مەتا ١٨: ١٢- ١٤ . گەڕان بەدوای سەرگەردانەکان وگومڕاکان یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکان کە پێناسەی شانشینی خودا دەکات . گەلی ڕاستەقینەی سەر بە شانشینی خودا بە شوێن پێ وهەنگاوەکانی عیسای مەسیحدا دەڕۆن ودەگەڕێن بە دوای ونبوەکان و دوورکەوتوەکان لە باوەڕی مەسیح وکڵێسای مەسیح .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " مەڕی ونبوو ، وە نمونەی کوڕی ونبوو" .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور ١٠، ١١، ١٤ ، ١٥. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕۆژانە پێداچونەوە بکە بۆ زنجیرە ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەت بە " کڵێسای مەسیح ".
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما 5: ١- 11. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ . نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .